# دادوەران و ڕاعوس

## دادوەران و ڕاعوس

ئەمڕۆ لەنیوەی کۆتایی وانەکەمان، پلانمان وایە تەماشای **_چیرۆکی خۆشەویستی_** کارلێکەری تۆمارکراو لەناو نووسراوە پیرۆزەکان — بۆیە لەگەڵمان بمێننەوە! لە وانەی ڕابردووماندا بینیمان چۆن یەشوعی خزمەتکاری موسا پێشەوایی گەلی ئیسرائیلی کرد بۆ ناو کەنعان. خوێندمانەوە چۆن خودا لە پێش یەشوع و گەلی ئیسرائیل ڕۆیشت بۆ ئەوەی دوژمنانیان دەربکات بیانهێنێتە ناو خاکی زۆرزۆرەبەنە کەنعان، هەروەك بەڵێنی بە باپیرەگەوریان ئیبراهیم دابوو زۆر لەوە پێش. ئەمڕۆ پلانمان وایە تەماشای ئەو دوو سیپارە پیرۆزە بکەین کە لەپاش سیپارەی یەشوع دێتن. سیپارەی دادوەران و ڕاعوس. ئەم دوو سیپارەیە پێمان نیشان دەدات چی ڕووی دا لەبەین کاتی پێغەمبەر یەشوع و کات پێغەمبەر داود.

پێش ئەوەی بچینە ناو سیپارەی دادوەران، پێویستە ئەو پەیامەی یەشوع دای بەدەستی گەلی ئیسرائیل پێش مردنی بخوێنینەوە. لە دوایەمین بەشی سیپارەی یەشوع، یەشوع لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی گەلی ئیسرائیل کۆبووەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە و هانیان بدات پەروەردگار خودایان خۆش بوێت و بەگوێی بکەن، ئەو خودایەی ئازادیانی کرد لە میسر و ئەو خاکە جوانەی پێیان بەخشی کە تیایدا دەژین. لە دوایەمین ووتاری بۆ ئەوان، یەشوع پێیان ووت، (ئەگەر بەلاتانەوە خراپە خزمەتی پەروەردگار بکەن، ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆتان هەڵبژێرن خزمەتی کێ دەکەن، ئەگەر ئەو خودایانە بن کە باووباپیرانتان لەوبەری ڕووبار خزمەتیان دەکردن یان خوداکانی ئەمورییەکان ئەوانەی ئێوە لەناو خاکەکەیاندا نیشتەجێن. بەڵام من و ماڵەکەم خزمەتی پەروەردگار دەکەین. هەروەها پەروەردگار هەموو ئەو گەلانە و ئەمورییەکانی نیشتەجێی خاکەکەی لەبەردەممانیدا دەرکرد، بۆیە ئێمەش خزمەتی پەروەردگار دەکەین، چونکە ئەو خودامانە.) (یەشوع ٢٤: ١٥، ١٨)

ئێستاش با تەماشا بکەین بزانین چی ڕووی دا. لە سیپارەی دادوەران، بەشی دوو، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دادوەران ٢)
[٧] گەلیش هەموو ڕۆژانی یەشوع خزمەتی پەروەردگاریان دەکرد، هەروەها هەموو ڕۆژانی پیران کە ڕۆژانیان درێژەی کێشا دوای یەشوع،
ئەوانەی کە هەموو ئەو کارانەیان بینی کە پەروەردگاری مەزن کردی بۆ ئیسرائیل. [٨] یەشوعی... خزمەتکاری پەروەردگاریش لە
تەمەنی سەد و دە ساڵیدا مرد. [٩] جا لە سنووری میراتییەکەی لە (تیمنەت حەرەس) لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم لە باکووری
کێوی گاعەش ناشتیان.

[١٠] هەموو ئەو نەوەیەش چوونە پاڵ باوکانیان و نەوەیەکی دیکە دوای ئەوان هاتن نە پەروەردگاریان دەناسی و نە ئەو کارانەیان
دەناسی کە بۆ ئیسرائیلی کردبوو. [١١] ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی پەروەردگاردا بەدکارییان ئەنجام دا و بەعلەکانیان پەرست.
[١٢] وازیان لە پەروەردگار خودای باووباپیرانیان هێنا، ئەوەی کە لە خاکی میسر دەریهێنان و دوای خودای دیکە کەوتن لە خوداکانی
گەلانی دەوروبەریان و کڕنۆشیان بۆ بردن و پەروەردگاریان پەستکرد. [١٣] وازیان لە پەروەردگار هێنا و (بەعل) و
(عەشتۆرەت)ـەکانیان پەرست.

بەم شێوەیە، گەلی ئیسرائیل پەروەردگار خودایان لە بیر کرد، پشتیان لێ کرد و دەستیان کرد بە شوێن کەوتنی ئاینی دەورو پشتیان. هەرچەندە ئەو گەلانە خودای ڕاستەقینەیان نەدەناسی و ووشەی خودایان لانەبوو. پەرستن (بەعل)یان دەکرد. بەعل بتێك بوو کە خەڵکی کەنعان پێیان وابوو خودایە. شێوەیان بۆخۆیان درووست کردبوو کەوا نموونکاری بەعل بوون و دەیانپەرستن. ئەو گەلەی ستایشی بەعلیان دەکرد پێیان وابو خودا دەپەرستن. بەڵام لە ڕاستیدا، حەز و ئارەزووەکانی خۆیان و شەیتانیان دەپەرست، بەلام

بەوشتەیان نەدەزانی چونکە شەیتان هەڵیانی خەڵەتاندبوو. شەیتان زۆری لەگەڵی ئیسرائیلیش هەڵخەڵەتاندبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پشتیان لە پەروەردگار خودا کرد و دەستیان کرد بە پەرستنی بەعل وەك ئەو گەلەی دەوراوپشتیان.

بۆیە دەبینین زۆربەی گەلی ئیسرائیل پشتیان لەو ڕێگایە کرد کە خودا دایمەزراندووە، کەوا ڕێگای یاسای موسا و قوربانی ئاژەڵە لەسەر قوربانگا بۆ داپۆشین گوناە. لەباتی ئەوەی شوێنی ڕێگای ڕاستودرووستی خودا بکەون، شوێنی ڕێگایێکی سەختە کەوتن، کەوا ڕێگای ئایینی بەعل بوو. یەکەم ڕاسپاردە لە دە ڕاسپاردەکان کەوا خودا بە موسای فەرموو لەسەر چیای سینا دەفەرموێ: ( لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت... چونکە من پەروەردگار خوداتم خودایەکی ئیرەدارم، سزای منداڵان دەدەم، لە بری گوناهی باوکان تا نەوەی سێیەم و چوارەم لە ناحەزەکانم، بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ بەدەردەخەم بۆ هەزاران لە خۆشەویستانم و ئەوانەی ڕاسپاردەکانم دەپارێزن.) (دەرچوون ٢٠: ٣، ٥، ٦) بەڵام زۆربەی گەلی ئیسرائیل پەروەردگار خودایان بەرز ڕانەگرت، لەبەر ئەوەش خودا سزایان دا.

بەردەوام دەبین لە بەشی دووەم لە سیپارەی دادوەران، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دادوەران ٢) [11] ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی پەروەردگاردا بەدکارییان ئەنجام دا و بەعلەکانیان پەرست... [14] پەروەردگار لە نەوەی ئیسرائیل زۆر تووڕە بوو، بۆیە ئەوانی دایە دەست تاڵانکەران تاڵانیان بکەن و فرۆشتنی بە دوژمنەکانی دەوروبەریان و ئیتر نەیانتوانی بەرامبەر دوژمنەکانیان بوەستن. [15] بۆ هەر کوێ دەربچوونایە دەستی پەروەردگار بە خراپی بەسەریانەوە دەبوو، هەروەک پەروەردگار وتی و وەک پەروەردگار سوێندی بۆ خواردن. ئیتر ئەمە زۆر تەنگی پێ هەڵچنین.

بەم شێوەیە، سیپارەی دادوەران باسی ئەوە دەکات چۆن گەلی ئیسرائیل دڵیان ڕەق کرد و پشتیان لە پەروەردگار کرد دووبارە و دووبارە. بۆیە خودا دایانیە دەستی دوژمنانیانەوە جار لە دوای جار بۆ ئەوەی سزایان بدات، بۆ ئەوەی دان بە گوناهەکانیان بنەن و تۆبە بکەن و ڕزگاریان بێت لە فەوتان. هەموو جارێك کە گەلی ئیسرائیل بەڕاستی تۆبەیان بکردایە، خودا سەرکردەیەك (دادوەرێك)ی بۆیان ڕاست دەکردەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە دوژمنانیان. حەز دەکەین باسی پاڵەوانی واتان بۆ بکەین وەك جیدعون کە سوپایەکی بەهێزی گەورەی شکاند تەنها بە سێ سەد پیاو، یان دەربارەی شەمشون کە بەتەنیا هەزار سەربازی کوشت، و دەتوانن بۆخۆتان چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەکانیان بخوێننەوە لە سیپارەی دادوەران.

بەکورتی، سیپارەی دادوەران پێمان نیشان دەدات کە هەر جارێك گەلی ئیسرائیل لە ڕێگای خودا و وشەی خودا لایان بدایە، پەروەردگار سزایانی دەدا تاکو لە گوناهەکانیان پاشەگەز ببنەوە و بگەڕێنەوە لای. کاتێ تۆبەیان دەکرد، خودا سەرکردەیەکی لەناویان پەیا دەکرد بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە دوژمنایان. ئەمە بەکورتی چیرۆکی سیپارەی دادوەرانە.

بەڵێ، گەلی ئیسرائیل جار لە دوای جار سنووریان دەشکاند بەرامبەر خودا. بەڵام ئایا نادڵسۆزی ئەوان دەتوانێ ڕێگا لە دڵسۆزی خودا بگرێت؟ هەرگیز! بەڕاستی، خودا سزای هەر تاکە کەسێکیانی دا کە گوناهی ئەنجام دەدا، بەڵام گەلی ئیسرائیلی پاراست وەك نەتەوە، لەبەر ئەوەی خودا ئەو بەڵێنەی کە زۆر لەوە پێش دابووی بەئیبراهیم لە بیر نەدەچوو کاتێ پێی فەرموو، (لە نەوەی تۆوە هەموو نەتەوەکانی زەوی بەرەکەتدار دەکرێن.) خودا پلانی وابوو کە لە نەوەکانی ئیبراهیم گەلێك درووست بکات کەوا ڕزگاری دەری جیهانی لێوە بێنێتە زەوی. هیچ شتێك ناتوانێ نەخشەی سەیری خودا بوەستێنێ: نە گوناهی گەلی ئیسرائیل و نە فیرعەون و نە خەڵکی میسر و نە خەڵکی کەنعان و نە ئایینی سەختەی وەك بەعل و نە تەنانەت شەیتان. هیچ شتێك ناتوانێ پلانی خودا تێك بدات بە ناردنە خوارەوەی ڕزگاری دەری جیهان لە ڕێگای نەتەوەی ئیسرائیل!

ئێستاش دەبێت تەماشای ئەو سیپارە کورتەی لەپاش سیپارەی دادوەران دێت بکەین: سیپارەی ڕاعوس. چیرۆکی ئەم سیپارەیە زۆر چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە. وەك گوڵێکی جوان وایە کە لەنێو زبڵدانێکی بۆگەندا شین بێت، لەبەر ئەوەی باسی چیرۆکی ئافرەتێك دەکات کە خودای خۆش ویست لەنێو نەوەیەکی بەدکار و گەندەڵدا.

ناتوانین هەموو سیپارەی ڕاعوستان بۆ بخوێنینەوە ئێستا، بەڵام دەتوانین کورتی بکەینەوە بۆتان. ئەوەی دەبێت یەکەم شت بیزانن ئەوەیە کە ڕاعوس بێوەژنێك بوو کە سەر بە نەتەوەی ئیسرائیل نەبوو. بەڵکو سەر بەنەتەوەی مۆئاب بوو و لە خاکی مۆئاب دەژیا، کەوا لە باشووری خاکی ئیسرائیل بوو. هەروەها دەبێ بزانین کە خەڵکی مۆئاب بت بەرست بوون و ڕقیان لە خودا و گەلی ئیسرائیل دەبووەوە.

ڕاعوس سەر بە نەتەوەی مۆئاب بوو، بەڵام ئەمە وای نەکرد کە ڕقی لە خودای ئیسرائیل بێت. نەخێر، لە ڕاستی دا ڕاعوس پڕ بە دڵ باوەڕی بەخودای ئیسرائیل بوو. ڕاعوس گوێی لێ بووبوو چۆن خودا موعجیزەی سەرنج ڕاکێشی ئەنجام دابوو لە ڕزگارکردنی کۆمەڵەی ئیسرائیل لە دەستی میسرییەکان. هەروەها ڕاعوس گوێی لەو ووشە متمانە پێ کراوانە بووبوو کە موسا لە تەورات نووسیبوی سەبارەت بەڕێگای ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە. ڕاعوس پڕ بەدڵ باوەڕی بە پەروەردگار هەبوو، و ئەو پەیامەی بۆ گەلی ئیسرائیلی ناردبوو قەبوڵ کرد.

باشە، ئەوەی دەبێت سەرنجی بدەین سەبارەت بە ڕاعوس ئەمەیە: لە مۆئاب و لەنێو بت پەرستاندا دەژیا. باوك و دایکی ڕاعوسیش بت پەرست بوون. و ڕاعوس لەناو ئەو ئایینە لەدایك بوو. بەڵام ئێستا ڕاعوس چی دی باوەڕی بەئایینی باوکی نیە. خودای ئیسرائیل ئەو خودایە بوو کە ڕاعوس باوەڕی پێی هەیە. بۆیە دەبینین ڕاعوس لە بەردەم هەڵبژاردنێکی قورس بوو! ئایا لە ماڵی باوکی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە ئایینی باوکی و شوو بەپیاوێك بکات کەخودای ئیسرائیل نەدەناسی؟ یانیش پشت لە ماڵ باوکی و ئایینەکەی بکات و بار بکات بۆ ئیسرائیل؟ ئەوە هەڵبژاردنێکی سەخت بوو کە ڕاعوس دەبوایە بیکات!

پێش ئەوەی بزانین ڕاعوس چ ڕێگایەکی **هەڵبژارد**، دەبێت بزانن کە ڕاعوس براژنێکی هەبوو بەناوی **عورفە**. وەك ڕاعوس، **عورفەش** سەبارەت بەخودای ئیسرائیلی دەزانی. بۆیە، براژنەکەی ڕاعوس دەبوایە **هەڵبژێری** لەنێوان بەردەوام بوون لە ئایینی باوکی یاخود شوێنی کەوتنی پەروەردگار خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.

ڕاعوس و عورفە چ ڕێگایەکان **هەڵبژارد**؟ **عورفە** ڕێگا ئاسانترەکەی **هەڵبژارد**، کەوا مانەوە لە ماڵی باوکی بوو و شوو بەپیاوێك کە **هە**مان ئایینی باوکی **هە**بوو. بەڵام ڕاعوس ڕێگا قورسەکەی **هەڵبژارد**، ئەوە بوو کە ماڵی باوکی بەجێ بێڵێ و بار بکات بۆ ناو خاکی ئیسرائیل. ڕاعوس دەیزانی کەس ناتوانێ دوو خودا بپەرستێ. کەس ناتوانێ پەرستنی خودای ئیسرائیل و پەرستنی بتەکان مۆئاب تێکەڵ بکات. لەبەر ئەوە بوو ڕاعوس پشتی لە ئاینی باوکی کرد. ڕاعوس بڕیاری دا کە باشترە بەگوێی خودا بکات نەك مرۆڤ. ڕاعوس پێی خۆش بوو کە خێزانەکەی و برادەرەکانی بەهەڵە لێی تێگەیشتن لە شوێن کەوتنی خودای ڕاستەقینە و زیندوو. بۆیە ڕاعوس ماڵی باوکی بەجێ هێشت و باری کرد بۆ خاکی ئیسرائیل، بۆ شارێکی بچووك بەناوی **بێت لەحم**.

پیاوێك لە **بێت لەحم** دەژیا کەناوی **بوعەز** بوو. **بوعەز** کوڕی راحاب بوو، ئەو ژنەی لە کارەساتەکە ڕزگاری بوو کەوا بەسەر شاری ئەریحا **هات** (وەك بینیمان لە وانەی ڕابردوودا). **بوعەز** پیاوێکی ڕاستودرووست بوو، و زۆر بەهای بە ووشەی خودا دەدا. **بوعەز** هەروەها خاوەن سەروەت و سامان و دەغڵێکی زۆر بوو، بەڵام هێشتا ژنی نەهێنا بوو.

نووسراوە پیرۆزەکان باسی ئەوە دەکات کە چۆن ڕاعوس، کەوا ئێستا لە شاری **بێت لەحم** دەژی، فێری ئەوە بووبوو کە زوو دەرچێ بۆ ئەوەی بچێ بۆ سەر دەغڵ و جۆ خڕ بکاتەوە کەوا جۆ دوورەکانی بەجێیان دەهێشت. ڕاعوس جوتیارێکی هەژار بوو و بەگوێرەی

ئەو یاسایەی خودا دابووی بەموسا بۆ گەلی ئیسرائیل، هەژاران بۆیان هەبوو پاشماوە دەغڵ خڕ بکەنەوە بەو شێوەیە، بۆئەوەی تووشی برسێتی نەبن. بەم شێوەیە نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن خودا ڕاعوسی بەرەو کێڵگەی **بوعەزی** کوڕی ڕاحاب دەنارد تاکو جۆ خڕ بکاتەوە.

**بوعەز** دیتی جۆ خڕ دەکاتەوە لە کێڵگەکەی و قسەی لەگەڵ کرد. **بوعەز** یەکسەر جوانی ڕاعوسی بینی. **بوعەز** پیاوێکی ڕاستودرووست بوو و دیتی کە ڕاعوسیش ژنێکی پاك و ڕاستە. دەتوانیٚ مەزەندە بکەی چی ڕویدا؟ زۆر قورس نیە زانینی ئەو شتە**!** بەڵیٚ، **بوعەز** و ڕاعوس یەکتریان خۆش ویست و بوون بەهاوسەر لە کۆتاییدا. ڕاعوس خودا و ووشەی خودای لە پێش هەموو شتێك دانا لە ژیانی و خوداش بەرەکەتداری کرد لەبەر ئەوە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: **بوعەز** و ڕاعوس کوڕێکیان بوو ناوی **عوبێد** بوو. **عوبێدیش** بوو بەباوکی **یەسا، یەسایش** بوو بە باوکی داود، کەوا بوو بە پاشای مەزنی گەلی ئیسرائیل، وە هەروەها ئەو پێغەمبەرەی کە زۆربەی زەبوورەکانی نووسی. ڕزگای دەریش لە نەوەی داود هەڵساوە، ڕزگای دەری هەموو جیهان، ئەوەی کەوا هەموو پێغەمبەران پێش بینیان کردبوو.

بەو شێوەیە دەبینین چۆن خودا دەستی لە ژیانی ڕاعوس گێڕا، ئەو ژنەی کەلە نەتەوەی ئیسرائیل نەبوو. کاتیٚ کە گەلی ئیسرائیل پشتیان لە پەروەردگار خودایان کرد و کەتنە شوێنی ئایینی نەتەوەکانی دەور و پشتیان، ڕاعوس پشتی لە ئایینی باوکی کرد و شوێنی خودای ئیسرائیل کەوت**!** بۆیە، خودا وای کرد کە ڕاعوس لە **بێتلەحم** بژی و شوو بە **بوعەز** بکات، و ببێت بە داپیرەگەورەی داود، پاشای ئیسرائیل. لە هەموو ئەم شتانە، دەبینین چۆن خودا بەردەوامە لە پلانەکەی بۆ **هێنانی** ڕزگاری دەری جیهان، لەبەر ئەوەی لە نەوەی داود و لە شاری **بێتلەحم** بوو قەدەری ڕزگاری دەری جیهان بوو لەدایك بێت.

تائێرە و دەبێت ڕاوەستین، بۆ وانەی داهاتوو دەچینە ناو ئەو سیپارەیەی باسی ژیانی پێغەمبەر داود دەکات، ئەوەی لە **بێتلەحم** لەدایك بوو و لە نەوەی ڕاعوس و **بوعەز** بوو. بۆ ئێستاش ماڵ ئاواییت لیٚ دەکەین بەپرسیارێك: تۆ زیاتر بەکامیان دەکەی؟ ئایا تۆ زیاتر وەك **عورفە**، کە برا ژنی ڕاعوس بوو و ڕێگا ئاسانەکەیان **هەڵبژارد**؟ یان تۆ وەك ڕاعوسی ئازای، کەوا پشتی لە ئایینی باوکی کرد و شوێنی خودای ڕاستەقینە کەوت؟

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتیٚ ئەوەی یەشوع بەگەلی ئیسرائیلی ووت پێش ئەوەی بمریٚ بە بیرت دێتەوە: **(ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆتان هەڵبژێرن خزمەتی کیٚ دەکەن...بەڵام من وماڵەکەم خزمەتی پەروەردگار دەکەین)** (یەشوع ٢٤: ١٥)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا نادڵسۆزی ئەوان دەتوانێ ڕێگا لە دڵسۆزی خودا بگرێت؟

٢. ئایا راعوس لە ماڵی باوکی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە ئایینی باوکی و شوو بەپیاوێك بکات کە خودای ئیسرائیل نەدەناسی؟

٣. یانیش پشت لە ماڵ باوکی و ئایینەکەی بکات و بار بکات بۆ ئیسرائیل؟

٤. ڕاعوس و عورفە چ ڕێگایەکان هەڵبژارد؟

٥. تۆ زیاتر بەکامیان دەکەی؟ ئایا تۆ زیاتر وەك عورفە، کە برا ژنی ڕاعوس بوو و ڕێگا ئاسانەکەیان هەڵبژارد؟

٦. یان تۆ وەك ڕاعوسی ئازای، کەوا پشتی لە ئایینی باوکی کرد و شوێنی خودای ڕاستەقینە کەوت؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org